

مارف عومەر گوڵ

# نەریتێکی جوان و وتەیەک دەربارەی شیعر



نەریتێکی جوانە کەسێک لە دەرەوەی ستافی گۆڤار سەروتار بنووسێت، لەوەش جوانتر ئەوەیە ئەو کەسە خۆی سەرپشک بێت چ دەنووسێت! کە ئازاد بووی لە هەڵبژاردن ئیتر بابەت زۆر دەبێت بەڵام هەڵبژاردن زەحمەت! من لەسەر تەختەی شانۆ بچکۆلەکەی ئامادەیی ئیمام قاسمی کەرکووکەوە دەستم پێ کرد و پاشتر لە جیهانی شیعردا خۆم دۆزییەوە. تۆ بڵێی شیعری کوردی ساڵانی حەفتاکان و

هەشتاکانی سەدەی رابردوو وەکو شیعری ئێستا بێ تام بوو بێت؟ یان من وەکو نانووسم (زۆر کەم نەبێت!) ئیتر زەوق و میزاجیشم تێکچووە ؟ ئەی بۆچی هەندێک شیعری ئەم سەردەمەش تاموچێژی خۆیان هەر هەیە؟ کەواتە، گرفتەکە لەمندا نییە و پێوەندیی بەبەرهەمەکانەوە هەیە!

وشە شیعر پێک دەهێنێت بەڵام وشەی جوان، هەر بۆیە لەبەر خاتری لەتیف هەڵمەت: "وشەی جوان گوڵە گوڵ" ئیتر ئەو وشە جوانانەش لەبەر خاتری عەبدوللا گۆران دەبن بەشیعرێک: گەشە و زەردەخەنە دەدەن بەژیان. با ئەو وشانە کۆن بن یا تازە ئەگەرچی وشە کۆن نابێت، هەر دەبن بەو "تریفەی هەڵبەستانەی" شێرکۆ بێکەس لەبەر گەشەیاندا دیوی ئەودیوی وشەکان دەدۆزێتەوە. وشە کە تێکەڵی خەیاڵێکی جوان بوو لەبەر خاتری هێمن سەر دەکەوێ بۆ سەر دوندی هەڵگورد و "رەوەی هەور" دامێنی دەگرن، ئیتر هەرچەند کۆن بێت لەبەر خاتری مەحوی "تازە پێ دەگرێ".

با وشە ناشیرین نەکەین ، با وشە تێکەڵی خەیاڵێکی سەقەت نەکەین، هەرچی وشەی دنیا هەیە بخرێنە خەیاڵێکی خراپەوە لە بەردەم "زریانەکەی" ئەنوەر قادردا خۆیان ناگرن! کە وشە بریندار بکرێت ئەوا ئیتر سەروپۆتەڵاکی زمان دەشکێت، کە زمانیش بەو دەردە چوو وەکو ئەوە وایە لە بەلەمێکی بێ سەوڵدا ئاراستەی خۆمان لێ ون بێت، ئیتر لە دەریادا نە روو لەو کەنارە دەکەین تا "سەگە بەڵەکەکەی" جەنگیزی ئایتماتەف لە دوورەوە دەرکەوێت و رزگارمان بێت نە دەرەقەتی شەپۆلان دێین! دەستم دامێننتان ! وشەی جوان لە شەفەق و نەوشەفەقدا گەلاوێژی بەربەیانە .

"

**هەرچی وشەی دنیا هەیە بخرێنە خەیاڵێکی خراپەوە لە بەردەم " زریانەکەی" ئەنوەر قادردا خۆیان ناگرن! کە وشە بریندار بکرێت ئەوا ئیتر سەروپۆتەڵاکی زمان دەشکێت، کە زمانیش بەو دەردە چوو وەکو ئەوە وایە لە بەلەمێکی بێ سەوڵدا ئاراستەی خۆمان لێ ون بێت**

"